# ڕێنوێنیەکی پێویست بۆ ( کوردستان نێت) و کاك ( عومەر فارس)

هاوار_سلێمانی
Hawar98@yahoo.com

بیرۆکەی دانانی سایتێکی کوردی بۆ بلاوکردنەوەی هەموو جۆرە بابەتێك کە خزمەت بە رۆژنامەگەری کوردی بکات، خۆیلە خۆیدا جێگای پێزانین و دەست خۆشیەکی زۆرە لەلایەن ئێمەی خوێنەری ئەو بابەتانەوە، بەتایبەتی کوردستان نێت کە جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی لە ناو ڕۆژنامە و بلاوکراوەو سایتە کوردییەکاندا کردووەتەوە.

دڵنیام چەندان خوێنەری وەکو من کە ڕۆژانە و بە بەردەوامی سەردانی ماڵەکەی کوردستان نێت دەکەن، هیوایان وایە کە کوردستان نێت بابەتی جوانترو واقعیانە تر پێشکەش بە خوێنەرانی خۆی بکات.

بۆیە هەر کارێك کە ببێتە مایەی بچوککردنەوە و بێنرخکردنی کوردستان نێت یان ئەم سایتە بەرەو هەڵدێر ببات. بە مافی ڕەوای خۆمانین دەزانین کە بەرپرسانی " کوردستان نێت "ی لیَ ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵەی وا ڕوونەدات، وە ئێمەی خوێنەرانی جدی ئەم سایتە کوردیە نەکەوینە گومانەوە کە ئەم جۆرە کارانە بە دەستی کوردستان نێت خۆی بلاودەکرێتەوە و سایتەکە بیَ لایەن نییە.

ئەوەی لێرە دا مەبەستی منە ئەوەیە کە :—

کوردستان نێت لە ٢٠٠٣/١/٢٥ وە تا وەکو ٢٠٠٣/١/٢٩ دوو بابەت بە ناوی دوو نوسەر بیَ ئاگا لەو بابەتانە بلاوکراوەتەوە، من ناچمە سەربابەتەکات بەلاَم ئیشارات بە سەردێری بابەت و ناوی نوسەرەکان دەکەم :

**<u>بابەتی یەکەم</u>** بە ناونیشانی "بەڕێز جەلال تالەبانی ئاخر سلێمانی کەی شیعە نشین بووە !!!"ناوی نوسەر ( مەریوان هەڵەبجەیی) لە بەرواری ٢٠٠٣/١/٢٥ لە کوردستان نێت بلاو کراوەتەوە. *

کە کاك مەریوان هەڵەبجەیی نوسەر وەلاَمی داوەتەوە بە بابەتێك بە ناونیشانی " من بازاڕی نانوسم و تەشهیر بە کەس ناکەم"، لە بەرواری٢٠٠٣/١/٢٩ لە کوردستان نێت بلاَوکراوەتەوە.

**<u>بابەتی دووەم</u>** بە ناونیشانی " یەکێتی نیشتمانی ئاوا ڕێز لە مافپەروەران دەگرێت " ناوی نوسەرەکەی (مافپەروەر هندرێن شێخ عوسمان _سلێمانی) .

کە مافپەروەر هندرێن شێخ عوسمان لە سلێمانی، ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بلاَو کردووەتەوە بە ناونیشانی " رونکردنەوەیەك لەسەر بابەتی یەکێتی نیشتمانی ئاوا ڕێز لە مافپەروەران دەگرێت " لە بەرواری٢٠٠٣/١/٢٩ بلاَویکردووەتەوە، ئیشاراتی بەوەش داوە کە کۆپی ئەو ڕوونکردنەوەی ناردووە بۆ کوردستان نێت، بەلاَم لەبەر ئەوەی من ئەو ڕوونکردنەوەیەم لە کوردستان نێت نەبینیبوو بۆیە من کۆپیەکم نارد بۆیان.

من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە نوسەری ئەم بابەتانە هێرشی ڕەوا یان ناڕەوایان کردووە، ئەوە بە درۆ خستنەوەیان و ترسان لەوەی کە ناوی ڕاستی خۆیان بنوسن بە ڕەئی من هەموو شتە، بەڵکو مەبەستی سەرەکی من ئەوەیە کە کوردستان نێت قودسیەتی خۆی لە دەست نەداتن بۆیە کوردستان نێت دەتوانن ڕێگای باش بگرنە بەر بۆ ئەوەی ئەم کارە دزێوانە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، ئەویش بە وەرگرتنی وێنە و ئەدرەسی تەواو لە نوسەر.

لەوانەشە کوردستان نێت ڕێگەی باشتر و ئاسانتریان هەبێت بۆ ئەو مەبەستە، بۆیە تکا دەکەم کە ئەو ڕێگایانە بگرنە بەر بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی خوێنەر بۆ سایتەکەیان ڕابکێشن و خوێنەرانی تریش دڵنیا بکەنەوە لەوەی کە کوردستان نێت کەناڵێکی بیَ لایەنە و پڕە لە هەموو ڕەنگ و بیر و بۆچوونێك.

لـــەگـــەڵ ڕێـــزدا

* سایتی کوردستان نێت ٢٠٠٣/١/٢٥ و ٢٠٠٣/١/٢٩

www.kurdistannet.org